السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئافرەتێک لە هۆزی جوهەینەوە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەکاتێکدا سکی پڕبوو بەهۆی زیناکردنەوە

لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: ئافرەتێک لە هۆزی جوهەینەوە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەکاتێکدا سکی پڕبوو بەهۆی زیناکردنەوە، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، (تاوانێکم) کردووە کە دەبێت سنوورم لەسەر جێبەجێ بکرێت بۆیە لەسەرمی جێبەجێ بکە، پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بانگی وەلی ئەمرەکەی -سەرپەرشتیارەکەی- کرد وفەرمووی: «بەرامبەری چاکەکار بە، ئەگەر منداڵی بوو، پاشان بیهێنەرەوە»، ئەویش ئەمەی جێبەجێکرد، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمانی کرد جلەکەی توند بە لاشەیەوە پێچرا، وپاشان فەرمانی کرد ڕەجم کرا، وپاشان نوێژی لەسەری کرد.
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرمودەکە: ئافرەتێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وسکی پڕ بوو بەهۆی زینا کردنەوە، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا (تاوانێکم) کردووە کە دەبێت سنوورم لەسەر جێبەجێ بکرێت بۆیە لەسەرمی جێبەجێ بکە، دەیەوێت پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- سنووری شەرعی -حەدی- لەسەر جێبەجێ بکات ئەمیش بریتیە لە ڕەجم کردن؛ چونکە لە پاش هاوسەرگیری کردن ئەم تاوانەی کردووە، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بانگی وەلی ئەمرەکەی (سەرپەرشتیارەکەی) کرد، وپێی فەرموو: (بەرامبەری چاکەکار بە، ئەگەر منداڵی بوو، پاشان بیهێنەرەوە)، بۆیە فەرمووی: (بەرامبەری چاکەکار بە)؛ ئەمیش وەکو ترسێک لەسەری نەک تووشی زیانی بکەن ئەگەر خەڵکی بەهۆی ئەوەوە تانەیان دا لە ئابڕوو وشەرەفیان، بۆیە ئاگاداریانی کردەوە وهەروەها بۆئەوەی زیاتر بە ڕەحمەت بن بەرامبەری چونکە زیانی کردووە، وهانیانی دا بۆئەوەی بەرامبەری چاکەکار بن چونکە خەڵکی لێی دوور دەکەونەوە، وتووشی قسەی ئازاردەر دەبێت، بۆیە هێنایان بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- پاش ئەوەی منداڵەکەی بوو، وفەرمانی کرد کە چاوەڕوان بێت هەتاوەکو منداڵەکە لە شیرپێدان دەبڕێتەوە، کاتێک لە شیرپێدان بڕایەوە؛ سنووری شەرعی -حەدی- لەسەری جێبەجێ کرد، وفەرمانی کرد کە جلەکەی توند پێوە ببەسترێت بۆئەوەی لە کاتی ڕەجمکردنی لاشەی دەرنەکەوێت، پاشان فەرمانیکرد ڕەجم کرا، ونوێژی لەسەری کرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5649

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee